کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-9-2007 19:12بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## زەنگی کۆچ و بێزاری هەڕشەلەئایندەی میلەتێک ئەکات ... هەردی شەفیق

زۆرینەی گەنجی ئەم وڵاتە چایخانەو گازینۆو قومارخانەو مەیخانە وکورەزیندانەکانیشی



ئاوەدانکردوەتەوە. بێکاری سەری کردووە بەهەمووکون وقوژبنێکدا وزۆری گەنجەکان لەسەرشەقامەکان ئەسورێنەوەولەبەتاڵیدا پەنجە ئەتەقێنن تازەبەرپرسێکیش لەو لاترەوە بەقەد حەشاماتێك موچە خۆر (بێکارناڵێم) ئەوانەی سەری بەرز بۆموچەنەوی ناکەن مانگانە پارەوەرئەگری!هەرچی گەنجی ئەم وڵاتەشە بێزاری تاسەر ئێسقان کوشتویەتی وبێکاری وبێخزمەتگوزاری کوشتویەتی وهیچ شوێنێك شك نابات جگەلەسەنتەرەکانی حیزب کەبەناوی ڕێکخراوی سەربەخۆوەدروستی کردوون وتەواوی میزانیەکەشیان پارەی موچەی یەك دوپاسەوانی ماڵەبەرپرسێکە و بەوحاڵەوە دەیانەوێت کێشەی گەنجی ئەم وڵاتە چارەسەربکەن. ئەگەرچی سەنتەرەکانیش وەك هەموشتەباشەکانی ئەم وڵاتە دابەش بوونبەسەر ڕەنگەکانداو هیچ شوێنێك نیەبێلایەن مابێتەوە.

بەڕاستی حوکومەت گەردەیەوێت خزمەت بکات و گرنگی بەگەنجەکان بدات وەك هەمیشەبانگەشەی یۆدەکات بابێت لەهەرشارێکدا (10) سەنتەری بەکارهێنان بکاتەوەو بەکارهێنان بەخۆڕایی وبی جیاوازیکردن بێت نەك پارەیەکی خەیاڵی لەکلیپی سەقەت وسقوتدا خەرج بکات کە کچی لێدەرکە خاوەنەکەشی تاقەتی نیە گویی لێبگرێت. بابێت کێشەی هاوسەری و نیشتە جێبون و بازاڕچارەسەربکات. بابێت دەرفەتی کاربۆگەنجەکان زیاد بکات نەك کرێکارو پیزوتور ئیستیرادبکات.

لەگشت شتێك سەیرتر بەرپرسانمان گەنجی ئەم وڵاتە بۆ ئەم وڵاتە جێدێڵن؟ئاخر پیاوی حوکومەت ووباوکی ڕوحی وڵات، چاوێك بەژیانی ئاساییمناڵەکانتا بگێڕەو و سەیرێکی گەنجێکی تاسەرئێسقان هەژارو ڕەشبین ونائومێد بکە بەبی تەفسیری ئەم وئەو هەمووشتێك بەڕونی دەبینی. دەبینی بەتاڵی وهەژاری چۆن ناخی مرۆڤ وێران دەکات، دەبینی سەعی کردن بەدیارپرتەپرتی چراو نەبونی کارەباوەموبەریدەو (سپلیت ناڵێم) چەند تاقەت پڕوکێنە. شەوێك مناڵەکانت بێنە بەدیار چراوە دابنیشێت وسەعی بکات. ڕۆژێك لەبەرگەرمای ڕۆژدا کرێکاری بکات. ئێوارەیەك چووەدەرەوە بەگیرفانی خاڵیەوە چاو بەبازاڕدابگێڕی ئەوکاتە بزانە تەڕایی ئومێدو خۆشەویستی وژیانی ئەم وڵاتە لەدڵیدا ئەمێنی!بزانە هێندە سەبر ئەکات ڕۆژێك لەم وڵاتەدا بمێنێتەوە؟ئەوکات سەیری ئەو گەنجانەش بکە موچەکانیان بەشی نیوەی کرێخانوەکانیان ناکات و عومر لەگەڵ ئەو ڕەزالەتەدائەبەنە سەر وخەمی نەبوونی ئایندەو ماڵو مناڵیش بابوەستێت. ئەوکات دەبینی موچەی پەنا دیوارو تەخشان وپەخشانکردنی پارەی ئەم میللەتە و پارەبارانکردنی ئەم وئەو لەخزمی نزیك وئاشانکانت چەند زەرە لەئایندەی ئەم وڵاتەئەدات کەئێستا هەندێك لەپەرلەمانتاران ئەیانەوێت بە (زەواجی سیغە) چارەی بکەن و زۆرینەی گەنجی ئەم وڵاتە لەپرۆسەی هاوسەرگیری هەڵدی. ئەوکات دەزانی (قوتابی وخوێندکار) ێکی زانکۆ بۆ هاوینان بەدوای کرێکاردا وێڵەو دەستی ناکەوێت. دەزانیت بۆکچە هەژدەساڵەیەك بەدیار پاکەتێك بنێشتەوە دانیشتوە سەربەرزانە بژی وخەڵك تەکلیفی شتی تری لێدەکەن. ئەوکات دەبینی ئەو کۆشك وتەلارانەوی دەچێت بەئاسمانا چەند زیان بەکرێچی و خەڵکی بی خانەو لانەی شاردەگەیەنێت. تێدەگەیت پارەی بانقەکانی ئەوروپا چڵەپوشێك ناخاتەسەرخەرمانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردایەتیت. تێدەگەیت ئەوەی پیاوەتی وشتی تریشی بەسەرەوە ئەکرێت و پارەی دیوەخانانەی مستەشارو شێخ وئاغای لێئەدرێت لەگیرفانی کی دەرئەچێت. بەڵام بەچی ئەچێت کەئەم حەقیقەتانەش بزانی وتۆزێك ویژدانت نەجوڵی.

سەیرە گەنجێکی بێزار دوای ئەو هەموتاڵیەی عەزابی ئەدات کەبەهەزاردەردی سەری ومەینەت شتۆکەیەك پارەی پێکەوە ناوە بێزاری سەری پێهەڵدەگرێت بۆمەنفا دوای ئەوەی وەکدەڵێن (حکومەت قەرمیلێك نەوت ویەك دووگەلایەك ئەدات بەتورکیا لەبەرامبەرناردنەوەیان) لێت دەپرسن بۆچی ئەم وڵاتە جێدێڵی؟وەك ئەوەی ئەم وڵاتە لەهیچی کەم نەبێت. وەك ئەوەی ئەم وڵاتە دوای شانزەساڵ لەدەسەلاتی حوکومەتی کوردی هێشتا وێرانە نەبێت وهەزارقەیرانی سوتەمەنی وکارەباو گرانی ونەبونی شوێنی نیشتە جێبوون و.. هتد ناخی مرۆڤ وێران نەکات. وەك ئەوەی کشتوکاڵبایەخێکی پێدرابێت وەك ئەوەی ئەوەنە پرۆژەبۆگەنجەکان کرابێت سەری خۆیان هەڵنەگرن. یەکێك لەوگەنجانەی سنورداشکرابوووەوەتبوی باشە بۆمن ئەوەنەقیمتم هەیە لای حوکومەت بەبەرمیلەنەوت وگەلابمکڕێتەوە ولەتورکیاوە بم هێنێتەوە بۆچی بەدرێژایی زستان نەوتەکەمان نەگەیشتی؟؟

بەداخەوە (بۆچ ئەم وڵاتە جێدێڵی بووەبەبێبایەخترین پرسیاربەلای گەنجەکانەوە) ئەسڵەن هەندێکیشیان حەوسەیلەی جواب دانەوەیان نیە و ئەگەرجوابیش بدەنەوە هەمیشە جوابی ڕازیکەر لای ئەوانە. ئاخرئەگەربەوردی سەرنج بدەیت ژیان لەم وڵاتە تەنها قابیلی بەرپرسەکانەو دەوروبەرەکانیانە ولەگەڵئەوەشدا ئینتما داوای لەگەنجەکان ئەکەن!بۆ ئەم خاکەو بەبێئینتیماتۆمەتباریان دەکەن لەوڵاتێکدا کەخێرو بەرەکەتی بۆگەورەکانەو بووەو نەگبەتی وشەڕو شۆڕی بۆخەڵکە هەژارەکەی.

نیشتمانێك کەحەقی ئەوەت نەبێت وەك مرۆڤ تیایدا بژیت چۆن جیی ناهێڵی؟نیشتمانێك کەسەرجەم پۆستە هەستیارەکانی بووەتە بازرگانی وکەسابەتیان بەسەرەوەئەکرێت. نیشتمانێك پارەیگیرفانی گەنجەکانی لەدیوەخانانەو کۆشك وتەلارو ڤیلاو.. هتدبەرپرسەکاندا خەرج دەکرێت. نیشتمانێك کەهەمووئەوشتانەی حەقی سەرەتایی ژیانن چاکەو پیاوەتی بەرپرسانبێت وبەناوچاوتدا بدەنەوە. ئاخر لەچی وڵاتێکدا کارەبا براوەکەچی لێرە ئەگەر (8) کاتژمێر کارەبا هەبێت بە مولیدەو گشتیەوە ئەوادەبیت منەتکێشی ئەوان بین.

Jgarsoz8181@yahoo. com
http://www. saidsadiq. net/hardi. htm

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.